# جاش گۆرانی بێژ

بۆتان تەحسین

تایتلی دەنگ وباسەکە بە مۆسیقایەکی ترسێنەر ونەشاز بە گویچکەی ٚمرۆڤی کورد کۆتایی هات ...جەمال بەرواری بە شرە کوردییەکەوە هەواڵەکانی سەرۆکی فەرماندەی خوێندەوە، سێ هەواڵی یەکەم پێشوازییەکانی سەرکردەی فەرماندە بوون، ئەوانی تریش پەردە لادان بوون لەسەر وێنەکانی سەرۆک، کاک جەمالیش هێندە بە حەماس لەدوای ناوی‌سەرۆکی فەرماندە دەیگوت (خوا بیپارێزێ وپایەداری کات)هەر لای وابوو تازەبە تازە فاویان وەرگرتۆتەوە، هەڵمەتەکانی ئەنفالیش لەکوردستان بەچاوساغی موستەشارەکان بەئەنجام گەیشتوە و لەدڵی خۆمدا دەمگووت دەبێت پلەی گەمژەیی ئەو خەڵکانە چەند بێت ؟. . چونکەلەسەرووبەندی مان و نەمانی سەدام و لەو کاتەی باڵویزو ئەفسەرە پلە بەرزەکانی سوپای عێراقی داوای پەناهەندەیی دەکەن کەچی جەمال بەرواری دڵی بەرژێم خۆشە ودوعای خێری بۆ دەکات ...بەهەمان تایتلە نەشازەکە دەنگوباسەکانی سەرۆکی فەرماندە بە دوماهی هات. . ، یەکسەر بێژەرێکی نەخوێندەوار بە زەردەخەندەیەکی ناموعەبر هاتە سەر شاشەوگوتی: بینەرانی ئازیز فەرموون ئێوەوبەشی دووەمی ئاهەنگی یادەکانی هەڤدەوسی تەموزی پیرۆز، ئیدی پەردەی شانۆکە کرایەوە، باگراوندی شانۆکە وێنەیەکی سەرۆکی فەرماندەبوو بەجلی کوردی، کۆمەڵیک شتی دیکەش بێ موناسەبە لەگەڵ وێنەکە کۆلاژ کرابوون و هیچ رەبتێکیان نە بە وێنەکە هەبوو نە بە بۆ نەکەش، مەگەر هەر وێنە کێشەکە بزانێت کە ئەم ئیبداعە سەر بە چ مەدرەسەیەکی تەشکیلیە ....

... بەبێ‌هیچ موقەدیمەیەک گروپێکی سەماکەر بەسەمایەکی نا هاوتا لەگەڵ مۆسیقا تەختی شانۆکەیان داگیر کرد، ئافرەتە سەماکەرەکان پتر لەوە دەچوون کەلەقوتابخانەی رەقسی فیفی عەبدە ومەی ئەکرەم تەخەروجیان کردبێت، . فرییان بە هەڵپەرکێ و شایی کوردییەوە نەبوو، مایسترۆی تیپەکەش پیاوێکی‌سمێل زلی روو گرژبوو، سەروسیمای لەخەڵکانێکی بەعسی وێنەی مولازم موحسین دەچوو، رەنگورووی بەهیچ شێوەیەک هی دونیای هونەروسەماو بالێ نەبوو، لەگەرمەی تێکەڵبوونی تیشکدانەوەی دیمەنی باکگراوندە ناهونەرییەکە لەگەڵ جوڵەی سەماکەرە فاشیلەکان وسەدای ئاوازە بێ‌سۆزەکە ئەحمەد زێباری بە رانک و چۆخەیەکی کوردییەوە هاتە سەرشانۆ بەلاوکێکی سەقەتەوە لەوحە قەباحەتاوییەکەی ئەو بۆنە شوومەییەی پتر نەخشاند.... ئەویش وەک کاک جەمال زۆربە ەماسەتەوە لاوکەکەی (دەجرێ!)وەک بڵێی هەواڵی سەرکەوتنی ئەنفالێکی بۆ سەرۆکەکەی هێنا بێت، ئیدی بە هەڵویستە نانیشتیمانییەکەی جەمال بەرواری وئەحمەد زێباری رقم هەڵسا. . دەمگوت تۆ بڵێی بەچ روو وعەقڵێکەوە ئەم دوو شەخسە زاتی ئەوە بکەن جارێکی تر بێنەوە وداوای ناسنامەی کوردایەتی بکەن. . . دواتر هەر زوو خەیاڵ وەڵامی ئەو پرسیارەشی دامەوە گووتم لەوانە یە لەزیرەکی وزیتەڵی خۆیشیانەوەبێت ئەم کارەیان ئەنجام دابێت بۆ ئەوەی رەسیبدێک دابنێن ولە دوا رۆژ وەک کۆنە بەعسیەکانی ئەمرۆبن بە مەسئول لە کوردستان سەیئاتیان بۆ ببێت حەسەنات.

به هەر حاڵ لەم وەزعەدا هەر ئەوندەم لە دەسهات کەناڵەکە بگۆڕم بۆ کەناڵی کوردسات، لەگەڵ گۆڕینی کەناڵ یەکسەر کاک ئەحمەد زێباری لەسەر شاشەی ئەم تەلەفزیۆنە لە کەمین بۆ م دانیشتبووەو لە ماوەی میوزیکدا گۆرانیەکی پێشکەش دەکرێت، رقم هەڵسا و سەتەلایتەکەم کوژاندەوە و خستمە سەر کەناڵەکانی مەحەلی و بە دیار بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی گوڵان دانیشتم، هێشتا ئەعسابم سارد نەبووببوەوە، بەرنامەکە هاتە سەر پێشکەش کردنی پێشبڕکێی بەرنامە، لە بەدبەختی ئەو رۆژەی من لەجیاتی ئەو هەمووپێشمەرگە گۆرانی بێژوهونەرمەندە نیشتیمان پەروەرانە، دیسان ئەحمەد زێباری بوو بە کەرستەی پێشبرکێیەکە وکۆپلەیەکی گۆرانی ئەم زاتەیان لێداو بێژەرە خاتوونەکە پرسی ئەم گۆرانی بێژە کوردە ناوی چیە؟. . لەگەڵ ئەم پرسیارە تاسام و پرسیم باشە ئەم دوو تەلەفزیۆنەی‌دوایی لای خۆبڵندگۆی دەنگی پێشمەرگەن چیە ئەمرۆ بەم جاشەیانوەو گرتووە.

ئیتر لەوساوە تەلەفزیۆنەکەم کوژاندەوە، بۆ ئەوەی نە وەک پرسیارێکی تر بکرێت وبڵیت : ئاخۆ لە ئسمانی رۆژنامەگەری کوردیدا ناوی مقداد بەدرخان پرشەنگدارترە یانیش جەمال بەرواری. . !

botandargala@yahoo.com

www.kurdistannet.org